# نامەیەك بۆ بەرێز د.عەبدولا ئاگرین

ماوەیەکی زۆرە ڕۆژانە سەیری سایتە کوردیەکان دەکەم وبەتایبەتی سایتی کوردستان نێت کە بە سایتیکی نەتەوەیی دەزانم گومانیشم لە هەڵویستی پاکی نەتەوەیی خاوەنەکەی نییە.

ئەوی من لێرەدا دەمەوی باسی بکەم پیا هەڵدان نیە بەسایتی ناوبراو مەسەلەکە لەوە زۆر گەورەترە،ماوەیەکە شەرێك لە نێوان بەرێزان عەبدولا ئاگرین کاك حەمەسەعید حەسەن کەوتۆتەوە زۆر کەس و لایەن، لایانی ئەم یان ئەوی تریانی گرتووەو خەریکە دەبێت بە کێشەی میللەتێك،جێگای داخە کە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە جیاتی ئەوەی خۆیان و قەڵەمەکانیان بۆکێشە گەورەکانی ناو کۆمەڵگا تەرخان بکەن کەوتونەتە کات کوشتن بە شتی سەیرو سەمەرە ئەی باشە کی لە کێشە گەورەکان بدویٚ ئێوەی بەرێز خاوەنی زۆر کێشەی گەورەن کوا هەست کردن بە بەرپرسیاریتان ؟

.من ماوەیەکی زۆرە وەك کەسێك ڕوداوەکان دەخوێنمەوە بەلام لە سەرەتا بڕیاری ئەوەم دابوو بێدەنگی هەڵبژێرم چونکە ئەوە کێشەی من نییە. کورد واتەنی ژنانیش نابیت بچنە شەڕی پیاوانەوە بەلام ماوەیەکە هەست دەکەم ویژدانم ئازارم دەدات هەندێك ڕاستی هەیە مرۆڤ نابیت لیی بێدەنگ بێت .

بەلێ دکتۆری بەرێز دونیا گۆڕاوە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ هەڵەیەکی کرد باشترە دانی پیا بنێت و داوای لێبووردن لە خەڵکی بکات .نەك خۆی بە خاوەن ماف و خەڵك بە تاوانبار دابنێت، چونکە ڕاستیەکان هەر دەر دەکەون دکتۆری بەرێز ئەو سالانەی کە بەرێزتان لە بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین خوێندکار بوون وە بەتایبەتی سالی ۱۹۸۲ ئەو کاتە خراپترین کات بوو بۆ خوێندکارنی هەموو بەشەکەو بە تایبەتی بەشی کوردی کە بەرێزت خوێندکاری ئەمبەشە بوویت. من تا ئێستاش بە دەست ئازارەکانی ئەو سەردەمەوە دەناڵێنم، نازانم تۆ چۆن ئەوەندە ئازا بوویت و گۆایە وتوتە من جلی میللی لە بەر ناکەم و خزمەت بە گەل و نیشتمان ناکەم .دەزانی سزایی ئەم قسەیە چی بوو دکتۆر گیان؟یان مردن و زیندان یان ئێستا تۆش وەك من دەبوویە قەیرەیەکی سەر سپی،کەس ئامادە نییە ژیانی خێزانی لەگەل دروست بکات. نەك دکتۆرێکی خاوەن حیزب و دەسەلات .

دکتۆر گیان بێگومان من یەکێك بووم لەو کچانەی کەڕازی نەبووین بە دەسەلاتی بەعسی دڕندە بۆیە لە بەرواری ۱۹۸۲/۵/۲ خۆپیشاندانمان کرد لە شاری هەولێر، بەرژەوەندیەکانی خۆمان خستە ژیر پێمانەوە رژاینە سەر شەقامەکانی ئەو شارە، کە لە مێژووی ئەو شارەدا شتی وا ڕوی نەدابوو ئەی ئەگەر تۆ ئەوەندە ئازا بوویت بۆ بەشداری ئەو خۆپیشاندانەت نەکرد؟بۆ لە هیچ شوێنێك دیار نەبوویت؟ بۆ دوای ئەوەندە ساڵە وەك کوردێکی بە ئەمەك یادێکت لەو هاوریٚ خوێندکارانەت نەکردەوە؟بۆ تاکە وشەیەکت لە سەر سەفای شەهید نەنووسی ؟ بۆ پێشنیاریکت بۆ حیزبە دەسەلاتدارەکەت نەکرد کە بە دوای ئەم کچانە بگەرێن وفلم و

دیکۆمینتاریان لە سەر تاوانەکانی بەعس لەگەڵ بکەن ؟یان کەسەدام نەما هەموو کەوتنە خانەیەکی ترەوە، ئەی بۆ هەوڵت نەدا دکتۆراکەت لە سەر ئەو کچە زیندانیانە بکەی کە لەو کاتە هەموو سوکایەتیەکان پێکرا .زۆربەی زۆریان ٢٢ ساڵە لە ئازارەکانی خۆیان دەتلێنەوە، ناتوانن ڕاستیەکان لای هیچ کەس بدرکێنن؟ هەم لە ناو کەس و کار،هەم لە ناو کۆمەڵگەش کەس ئاورێکی لە ئازارەکانی ئەم کچانە نەدایەوە.

بەریز تۆ بەبەر چاوی ئێمەوە کە تازە لە زیندان ئازاد کرابووین، ئەو بەر پرسەی وەك خۆت باسیدەکەی کە گوایە ، تۆئەوەندە ئازا بوویت و دژی وەستابویتەوە، نەی دەهێشت ئیمە لە ماڵەوە بمێنینەوەبەو حاڵەوە دەبوایە بە گیان ورۆحە زامارەکەمان بێن بۆ زانکۆ. هەرچەندە نەمان دەتوانی بەشداری وانەکان بین بەلاّم لە خوارەوە دەوەستاین ، ئەمە تەنها چەوساندنەوەی ئێمە بوو، کە ئێمە ئەوەندە ئازاش نەبووین بلێین خزمەتی گەل و ولاّت ناکەین ! لە جیاتی ئەوەی پشتگیریمان بکەن تۆو کەسانی وەك بەرێزت کە جلو بەرگی سوپای میلی لەسەر دەستان بوو بەبەردەمی ئیمەدا تێپەرین، من ئەو کاتە وەك کچێکی کورد ئامادە بووم بمرم لە پێناوی مەسەلەی نەتەوایەتی، هەرچەندە بەعسەکان بە مردنێکی هیواش ئێمەیان کووشت ،ئێوەش پشتگیریتان لە ئێمە نەکرد چونکە ئەو کاتە زۆر کەس بەرژەوەندی خۆی دەپاراست ئەمرۆش هەروایە،ماوەی چەند ساڵە لە کوردستان من هەژارو برسی بووم تۆ و کەسانی وەك تۆ شەقیان لە پارە هەڵ دەدا خۆیان بە حیزب و دەسەلاّتەوە هەڵدەواسی. ئەمرۆ تۆ هەم دکتۆری وهەم کورد پەروەری من بە هیچەوە دیار نیم ئەگەر کارێکیشم هەبیت لە وازارەتی پەروەردە کە گوایە تۆ دەبیت بە وەزیر دەبێت وە بێم بۆ لای بەرێزتان ئەمەش یەکێکە لە سەیرو سەمەرەکانی گوردستان.بۆ ڕاستی قسەکانم خوێندکاریکی بەشی عەرەبی دەلێین ئێستا لە هۆڵەندایە، ئەو کاتە بە ترسەوە لەگەڵ ئێمە وەستابوو قسەی دەکرد و ئەویش شاهیدی ئەم ڕوداوەیە خۆزگە ئەم بابەتە بخوێنێتەوە پشتگیری ڕاستی ئەم قسانەم بکات. لێرە دەمەوێ سوپاسی چەند مامۆستایەکی هێژا بکەم کە ئەو کاتە یارمەتی رۆحی ئێمەیان دا وەك ( بەریز د.جەبار قادر،د. حەمەی مارف) کە دواتر لە سەر ئەم هەڵوێستەیان لە زانکۆی سەلاّحەدین دوور خرانەوە و کەسانی تر شوێنی ئەوانیان گرتەوە.

جا لێرەدا ڕووی دەمم دەکەمە قەڵەم بەدەستان و ڕۆشەنبیران ئەوانەی بەڕاستی ، قەڵەمەکانیان ئازادە واز لەم باس و بابەتانە بێنن خۆیان بە کێشەکانی هەزاران ژنی بەدبەخت، هەزاران لاوی سەر لێشێواو خەریك بکەن

دەتوانن دەیاها ڕۆمان و نوسینی جوان بنوسن . ڕۆژانە زۆربەی زۆرتان باسی سیاسەت دەکەن باسی شەڕو ململانیی ناو حیزبەکان دەکەن، ئامادەن بە مانگ لە سەر ئەم شتانە بدوێن ، دەجارێکیش ئاور لە کەسانی لە بیر کراو و سەر براوی ناو ئەم کۆمەڵگا بەدبەختە بدەنەوە،ئەگەر ئێمەش کورد نەبوینایە ئیستا دەیان فلیم ریپۆرتاجیان لەکەڵ دەکردین بەلاّم ئێمەو ئازارەکانمان چونەتە خانەی مردوەکانەوە .وا ٥/٢ نزیك بۆتەوە بەیادی شەهیدانی ٢/٥ ئەوانەی لە ژیان نەماون و ئەوانەی هێشتا هەناسە دەدەن داواتان لێدەکەم لەم رۆژەدا مۆمێك بۆ گیانی ئەوانە داگیرسێنن .

لە کەم و کوری نوسینەکەم ببورن

ڕەهێڵ

٢٠٠٤/٤/١٠